# ( لە بارەی ڕۆمانی هەزار خۆری درەوشاوە )

## خوێندنەوەی: زانا ئیبراهیم

ڕۆمانی (هەزار خۆری درەوشاوە) لە نوسنی خالید حوسێنیەو لەلایەن دەزگای چاپ و پەخشی سەردەمەوە بە چاپ گەیەنراوە، ئازاد بەرزنجیش لە ئینگلیزیەوە کردویەتی بە کوردی.

ڕۆمانی هەزار خۆری درەوشاوە باسی مێژووی چەوسانەوەی ژن دەکات، واتە باس لە قارەمانێتی مێژووی ژنێك و چەوسانەوەی و عیشقەکەی دەکات، کە لە دواجاردا تێکەڵ بە شۆڕش دەبێت. خالید حوسێنی کە خۆی نوسەرێکی ئەفغانیەو ئەم ڕۆمانەی نوسیوە، خۆی لەو وڵاتە دەژی و ئاگاداری ورد و درشتی موعاناتی وڵاتەکەیەتی و دەیەوێت بە شێوازێکی ئەدەبی نوێ مێژووی ئەفغانستان لە نیوەی دووەمی سەدەی ڕابردوو بگێڕێتەوە تا سەرەتاکانی دەیەی یەکەمی سەدەی بیست و یەك.

حوسێنی لەم ڕۆمانەدا باسی ئەو چەوسانەوەو دەردەسەریانە دەکات کە بەسەر هەریەکە لە (مریەم و لەیلا) هاتووە، باسی ئەو چەوساندنەوەیەی ژن دەکات کە لەژێر سایەی دەسەڵاتی پیاوسالاری و ئەو دەسەڵاتەی کە ئەفغانستانی بەڕێوە دەبرد، باس لە مێژووی تالیبان و ئەو زۆردارانە دەکات کە ئەفغانستانیان شێواند.

مریەم و لەیلا دوو کچ و دوو بەدبەخترین ئینسانی سەر ئەم زەمینەن، مریەم هەمیشە پێیدەوترا (حەرامزادە) کە نەیدەزانی مانای چییە؟، بەڵام نەهامەتیەکانی مریەم لەو کاتەوە دەسپێکرد کە زانی بە شێوەیەکی ناشەرعی هاتوەتە دنیاوە !

مریەم ئەگەرچی کچی جەلیل بوو، بەڵام ئاشنا نەبوو بە خوشك و براکانی تری، ئەم باوکە نەفرەتییەی کە سێ ژن و نۆ منداڵی هەبوو، (نانا) دایکی مریەم بوو، هەمیشە خەیاڵی قوڵی دەکرد لە بەرامبەر ئەو غەدرو سوکایەتیەی کە پێیدەکرا، جەلیل بە چاوی کۆیلە سەیری نانای دەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا باوکی هەرزوو حاشای لێکرد و بارو بنەی خۆی پێچایەوەو ڕۆیشتە ئێران و لەوێ نیشتەجێ بوو، چونکە پێیوابوو ئابرووی چووە".

نانا "دەیگوت هەندێ جار خۆزگەم دەخواست کە باوکم غیرەتی هەبوایە و یەکێك لە چەقۆکانی خۆی تیژبکردایە، تا ئابرووی خۆی بکڕێتەوە، بۆیە ئەو غیرەتەی نەبوو تا کارێکی ئابروومەندانە بکات".

نانا بۆیە ئەم ئاواتەی دەخواست چونکە سکی لە جەلیل پڕ بوو، لە کاتێکدا کارگوزاری ئەو ماڵە بوو، لەگەڵ ئەوەشدا بەو حاڵەوە جەلیل حاشای لێکرد.

بۆیە سەرجەمی ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە دوای کارەکەی جەلیل لەگەڵ نانادا دەستپێدەکات. کە چ نەگبەتیەك بەسەر مریەمدا دێت کە دێتە دنیاوە و بە چ ژیانێك و کولە مەرگیەك گەورە دەبێت.

ڕۆمانی هەزار خۆری درەوشاوە حیکایەتی مێژووی سوکایەتیکردن بە ژن لە سەدەی بیستەمدا دەخاتەڕوو، بۆیە ڕۆماننوس لەوە دەرچووە کە تەنها ڕووداوێك بگێڕێتەوە، کە زۆرجار بەرهەمی زهنیەتی نوسەر بێت و پاڵەوانەکانی لە دەرەوەی واقیعەوە هێنرابن و بکرێنە سوپەرمان و بە خوێنەر ئاشنا نەبن.

ئەم ڕۆمانە لەو چیرۆکانە ناچێت کە خوێنەر بخاتە ناو گومان و دوودڵیەوە کە ئایا ئەم ڕووداوانە ڕاستن یان خەیاڵین؟ خالید حوسێنی نوسەر هێندە ورد ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە کە مرۆڤ لە هەرحاڵدا بێت ناتوانێ لەم سوکایەتیەی ژن دەرباز بکات.

بۆیە دواجار لە خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانەدا ڕەنگە بزانین مانای ژن بوون چییە؟ چونکە ژن بوون گەورەترین نەهامەتیە لە کۆمەڵگەدا، واتە لە کۆمەڵگەیەکی وەك ئەوەی کە نانای تێدا دەژیا، ئەو هەمیشە دەیوت "پەنجەی تاوانبارکردنی پیاو هەمیشە ڕوو لە ژنە".

لەبەرئەوە تێگەیشتن لە ژیان و بەسەرهاتی ژنان (مریەم و لەیلا و نانا) دەبێت ڕۆمانەکە بخوێننەوەو بەم چەند دێرە ناتوانین هیچ مافێك بە باسکردنی ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە بدەین.

